انجمن قلم کردستان ایران
The Iranian Kurdistan Association Of Pen

# ئامانجە ناحەزەکان و حوکمێکی ناڕەوا

بە گوێرەی هەواڵەکان دوو رۆژنامەنووسی کوردی ئێرانی بە ناوەکانی عەدنان حەسەنپور و هیوا بوتیمار کە چەند مانگ لەوە پێش لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامییەوە رفێندرابوون، لە پاش چەند مانگ زیندانیکێشان سەرئەنجام حوکمی ناڕەوای ئیعدامیان بە سەردا سەپێندراوە. ئەم حوکمە جگە لە نائینسانی بوون و زاڵمانە بوونی، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە بەڕێوەبەرانی دەیانەوەێ فەزا فەردی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا بخەنە ژێر گوشاری پترەوە و بەم شێوەیە چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا بە تایبەت رۆشنبیران لە حاڵەتی ترس و داماویدا رابگرن.
ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی ئەم حوکمە و دەربڕینی نیگەرانی خۆمان لە چارەنووسی ئەم دوو رۆژنامەنووسە، پێمان وایە کە حوکمی لەم چەشنە کردەوەیەکی سیاسیە بە مەبەستی تایبەت بە خۆیەوە. ئەمە لە راستیدا پلانێکی سیاسی و ئەمنییەتی مەترسیدارە کە بە گشتی فەزای رۆشنبیریی کردووەتە ئامانجی خۆی.
ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران داوا لە تەواوی رێکخراوە، پارت و گروپە جیهانییەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە دەکات کە وێڕای مەحکوم کردنی ئەم حوکمە ناعادڵانەیە، بە هەر شێوەیەکی مومکین کە بۆیان دەکرێ، فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی لەم حوکمە پاشگەز بێتەوە و بەڕێزان عەدنان حەسەنپور و هیوا بوتیمار لە زیندان ئازاد بکا. بەو هیوایەی کە کردەی هاوبەش و هاوئاهەنگی ئازادیخوازان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ بۆ جارێکی دی گیانی تێکۆشەرانی مەدەنی و رۆشنبیری لە مەترسی مەرگ و تێداچوون رزگار بکا.

**ئەنجوومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران**
18.07.2007